ڕونكردنەوەی سكرتاریەتی ڕێكخراوی كوردستانی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق:

# سەبارەت بە هەواڵێكی هەڵبەستراوی ڕۆژنامەی هەواڵ

لە ژمارە 263ی "ڕۆژنامەی هەواڵ"ی ڕۆژی 19-1-2008، بەمانشێتێكی گەورە نوسیویەتی كە" ئەندامێكی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری، لەكاتی مناقەشەیەكی فكریداو بەسەرخۆشی هاوڕێیەكی خۆی كوشت". ئەم هەواڵە ناڕاستو هەڵبەستراوە لەوە زیاتر لە "هەواڵ" ی دەزگای زانیاری چاوەڕوان ناكرێت.

بەڵام ئەمە یەكەمین كردەوەی هەواڵبەستنی "ڕۆژنامەی هەواڵ" نیەو دواین درۆ هەڵبەستنیشی نابێت. ئەگەر لەم ناوچەیەدا دەسەلاتێكی مەدەنی تێدابوایە ئەوە "هەواڵ" لە ڕیگای داداگاوە دەمێك بوو پێچابویانەوە لەبەر تۆمەت لێدانو درۆسازی. بەلام بە جیا لە دادگا ئەم هەفتەنامەی "هەواڵ هەلبەستنە" یان لە ڕیگای دەزگای جاسوسیەوە زانیارییەكی پێدەبڕیت، یان ئەوەتا ناچارە بۆ ئەوەی هەواڵ چنینەكەی بلاو بكاتەوە پێویستی بەوەیە كە تۆمەت لێبداتو تەشهیرو درۆهەڵبەستن بكاتە سیمای خۆی، ئەمجارەیان پێدەچێت كە كەمیان هەواڵ پێگەیشتبێت لە دەزگاكەیانەوە بۆیە ناچار بوون كە بە تۆمەت لێدان ئەو بۆشایە پڕ بكەنەوە لەلایەن كەسێكەوە كە "نەیویستوە ناوی خۆی ئاشكرا بكات"؟! ئەمەیان سەیرە وەك ئەوەی سەرنوسەری "هەواڵ" هەموو شتێك لای ئاشكرا بێت یان تەنانەت خۆی ئاگاداری "هەفتەنامە"كەی بێت. لەم هەفتەنامەیەدا سەرنوسەر تەنها پولی مانگانە وەردەگریتو بۆی نیە پرسیار بكات لەوەی نوسەری ئەصلی ئەو وتارانەی بلاویان دەكاتەوە كێنو لە كوێوە هاتوە؟! جا بۆیە ئەگەر بۆ عورفی رۆژنامەوانی بگونجێت كە دەگونجێت ناوی سەرچاوەی خۆی ئاشكرا نەكات ئەوا بۆ "هەواڵ" مەسەلەیەكی تر لە گۆڕێیە ئەویش ئەوەیە ئەم رۆژنامەیە بە پیچەوانەی هەمو رژنامەكانی دنیاوە زۆربەی زۆری نوسینو هەوالو وتارەكانی سەرنوسەر ئاگایی لێنیەو ئەمری پێدەكریتو تەنانەت بۆی نیە بیگێریتەوە بۆ چێككردنیش.

ئێمە وێرای ئەوەی كە دڵنیاین جەماوەری كوردستان ناوەرۆكی ئەم هەفتەنامەیە دەناسنو بە درۆی ئەم "هەواڵ"ە تێناكەون، لە هەمانكاتدا بۆ ڕای گشتی ڕوندەكەینەوە تائێستاش نەئێمەو نە پۆلیسو نە كەسوكارو هاوڕێیاكانی هاوڕێ (موسا حسێن) بەڵگەی تەواوی ئەم مەسەلەیەیان لانیەو ڕاستیو چۆنێتی ڕووداوەكە نەسەلمێنراوە. لەئەگەری دەستكەوتنی هەر زانیاریەكی نوێو ئاشكرابونی ڕاستیەكان، بە رای گشتی كوردستانو هەمولایەنێكی ڕادەگەیەنین.

2008-1-20